

# کاتژمێر سێ و چارەک


هێمن حەمەتۆفیق
(چەمچەماڵ)


هاوڕێکەم داوام لێ دەکا بە کۆڵانەکاندا بگەڕێین، دەڵێ وەکوو چۆن لە منداڵیدا تا سەرووی ئاوەڕۆ گەورەکە بە دوای کۆترێکی تەرەدا دەڕۆیشتین، ئەو شێوەی چەندەها تۆپمانی قووت دا.
ڕەنگی پاتەکانمان خاکی بووە، وێنەی ئۆتۆمۆبێلی سەربازە بە قوڕ داپۆشراوەکان. دەڵێت کۆڵانەکان ناناسمەوە، خانووەکان گەورە بوونە، وێنەی ژمارەیەکی سەر دەرگایەکی کۆن دەچریکێنێ.
چیرۆکی ماڵ بە ماڵم بۆ دەگێڕێتەوە، وەکوو فیلمێک بە منداڵی لە tv ڕەش و سپی بینیبێتم، دێنەوە یادم.
پیاوێک بەسەر تاکێک قەنەفەوەیە و هێشتا ئاوی لێ دەچۆڕێ. دانیشتووە، سەری لەنێو دەستەکانێتی و دەگری. منداڵەکانی لە لایەوە چیچکانیان کردووە، جگەرەیەک لەنێو لێوەکانیدایە، هێزی داگیرساندنی نییە.
پاتەکانمان بە فەرشە سوورەکەی قاوەخانەکە برێک پاک دەکەینەوە. پڕیشکی قوڕ کەوتووەتە سەر تاڵە قژەکانی پشتەسەرمان.
مانگ جار جارە لە پشت هەورەکانەوە دەردەکەوێ، ڕەنگە چاو بۆ منداڵەکە بگێڕێ، یان شەرم دەکا لەوەی لەو شەوەدا نەیتوانی تریفەکانی بخاتە سەر ئاوەکان، تا منداڵەکە لە چاوی باوکی ون نەبێ، ئەستێرەکان ناو هەورەکانیان بۆ دەگەڕێن.

کچێک دوو پەرداخ ئاومان بۆ دادەنێ، هەریەک لەتێک لیمۆ بە لێوارەکەیەوە جێگیر کراوە، مێزێکی ئەندازەخڕی شووشەمان لەنێواندایە. لەسەر دوو کورسی بەرگ قەدیفەی ڕەنگ شەکەرییەوە دانشتووین، هاوڕێکەم دەڵێت دڵخۆشم کۆمەڵگەکەمان بە ڕووی دنیادا کراوەتەوە، ئافرەتانیش مافی کارکردنیان بەدەست هێناوە، کچە کارمەندەکە لە پێویست زیاتر قوون با دەدا، دوو گەنج توانجی لێ دەدەن، سمتەکانی خڕ و گۆشتنن، دەڵێم خاوەن کارەکان بۆ ڕاکێشانی مشتەری و ناوگەڵی خۆیان بەکاریان دەهێنن، سێ لۆچ دەکەوێتە نێوچەوانی، کارەبا دەبڕێ، زریکە لە کچەکانەوە بەرز دەبێتەوە، گڵۆپەکان ڕووناکی دەخەنەوە قاوەخانەکە، ڕووی سافە و پێدەکەنێ؛ ئەوەندە پێدەکەنێ، ئاو لە چاوانییەوە دێنە دەرێ.

هاوڕێ، پاییزی ئەمساڵ ٢٠٢١ سێ ڕۆژ تەمەنی مابوو، هەورە پەڕاگەندەکانی کۆ کردەوە، بێ ئەوەی زەویش ئاگادار بکاتەوە، هەورەکانی وەک ئیسفەنج گوشی، ئۆتۆمۆبێلەکان لەو بەلەمانە دەچوون بە منداڵی لە کاغەز دروستمان دەکردن بەسەر ئاوەوە. شوانێک حەیرانی بۆ مەڕەکانی دەچڕی، دەمی پڕ بوو لە لیتە، گۆڕەکەی نادیارە، شەوێکی تووڕە بوو.

قاشە لیمۆکە ناگوشمە ئاوەکەوە، دەیخۆم، زیاد مزرە، توێکڵەکەی لە پشتی دەستەکانم دەسووم، توێکڵەکەی ڕەقە. هاوڕێکەم دەڵێت ڤیتامینی تێدایە، بۆ پێست چاکە. شەرم ناکەم بڵێم هەوا و کارەکەم وشکیان کردووم. ئەنگوستیلەیەکی گەورەی نەخشلەنگەریی کەشتی لە پەنجەدایە، دەڵێم بەیانیان تا زووتر لە خەو هەستێت، زیاتر نایەکسانی ژیان دەبینێ.

چوارەم شەوی زستانە، دایکی منداڵەکە ڕووی لە هەموومان کردووە، کوڕەکەم بۆ بهێننەوە، سەرمای دەبێ، لە ئامێزی خۆم نەبێ خەوی لێ ناکەوێ. شاشەی tv کان پڕ بوونە لە ڤیدیۆی فرمێسکی باوک. هاوڕێکەم دەڵێ مەگەر پەرجوویەک؛ باوەڕی بە موعجیزەیە، دڵنیام چۆن دڵۆپەکان ناگەڕێنەوە ناو هەورەکان، منداڵەکەیش ناگەڕێتەوە باوەشی دایکی، ڕەنگە قەلەڕەشەکان خواردبێتیان.

گارسۆنەکە بەخێرهاتنمان دەکات. وێنەی، بەسەر جامەکەوە دەبینم، هاوڕێکەم زۆری نەماوە لە چاوەکانیدا بیخنکێنێ، قاوەیەک بە بنێشتەتاڵ بۆ من و بە چۆکولاتە بۆ خۆی داوا دەکات. ستیانە ڕەشەکەی بانگی سێکسی بە گوێی ڕەگەزی نێردا دەدا، ڕیشوەکانی کاوبۆ بڕاوەکەی وێنەی دەزوولەی گوڵەکابە بەسەر ڕانیدا پەخشان بوونە.

هاوڕێ، وەبەرهێنەرەکانی خانووبەرە ئاوەڕۆکانی شاریان وەکوو کلۆری ددانەکانیان پڕ کردەوە.

سەرچڵەکانی شۆڕەبییەک بەرز بوونەتەوە تا ئاستی نهۆمی دووەم، مێردمنداڵێک ڕووناکی لایتەکەی دەستی دەخاتە نێو گەڵا باریک و درێژەکان، مێردمنداڵی دووەم یەک یەک چۆلەکەکان دەخاتە خوارەوە، بە ساچمەزەلەکەی نیشانیان لێ دەگرێ. هاوڕێکەم جگەرەیەک دادەگیرسێنێ، چەرخەکەی ئەلکترۆنییە، ئەو ڕووەی لە منە، وێنەی بورجی ئیڤڵی لەسەر هەڵکۆڵراوە، بە ڕووەکەی تردا دەیخاتە سەر پاکەتەکە، وێنە و ناوی ئەو کچەی لەسەرە، هەموو هەرزەکارەکانی گەڕەک چاوەڕوان بووین میراوەکە ئاو بەر بداتەوە و لە کاتی شۆردنی بەردەم ماڵ ببینین، گوڵی نێرگزی دەخستە پشت گوێی، بۆیەی سپی لە نینۆکەکانی دەدا،

پڕ بە دەمی دووکەڵی بەسەر مێزەکەدا هەڵدەدا، لە گردێک دەچێ، دوای باران هەڵمی لێ بەرز ببێتەوە. قاوەکەم سارد دەبێتەوە، نایخۆمەوە. بەر لە ئامادەکردنی، کچە کارمەندەکە کلێنیکسێکی لە قووتووەکە ڕاکێشا و چووە WC.

هاوڕێکەم دەڵێ: پێویستە شەق لە نەریتەکان هەڵدەین، دەڵێم: کۆمەکی ئەم چەند ڕۆژەی شارەکان بۆ ئەو ماڵانەی ئاو بردنی جوانترینە.

ئاو دەستی گەیشتە تابلۆ هەڵواسراوەکان، کاتژمێرێکی سەردیوارم لە قوڕ و لیتەدا هەڵگرتەوە، لە سێ و چارەک وەستابوو، وێنەیەکی بووک و زاوا لە چێوەکەی هاتبووە دەرەوە، فەرشێک بە وێنەی سەرکردەیەک نەخشابوو لە ژێرپێی پەتی منداڵەکاندا پێدەکەنی. هاوڕێکەم دەڵێ شۆڕشەکان بە تێرامان لە یەکگرتووی ئاوەکانەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنن. هاوڕێکەم خێزانەکەی و منداڵەکەی لە گۆڕستانی ئیجەدا ناشت، خۆی بەلەمێکی ماسیگری ئیتالی ڕزگاری کرد. لە فەڕەنسا دەژی، هەواداری پاریس سانجێرمانە و لایەنگری ماکرۆنە.

دایکم، گەنم بۆ کەڵەشێر و مریشکەکان ڕۆ دەکا. لە ماڵ دەڕۆمە دەرەوە، هەواڵی ژەهراویبوونی خێزانێک لەگەڵ ئەم کزەبا ساردەدا مەملەکەت دەتەزێنێ. باوکێک لە ساترێکدا کلاشینکۆفێکی لە باوەش گرتووە، خێزان و منداڵەکانی ڕۆحیان لەگەڵ دووکەڵی دارەکاندا دەڕوات بۆ ئاسمان. بە لەففەفرۆشەکە دەڵێم ئیجەش نەبێ دەخنکێین، دۆزەخیش نەبێ دەسووتێین. لە چاخانەکەدا لەبەر دووکەڵی جگەرەکان هەڵدێم.